ئیسرائیل بەردوومانی سێ ناوچەی جیاوازی لە باشووری لوبنان کرد کە حیزبوللای کردە ئامانج

کەمێک پێش ئێستا، سوپای ئیسرائیل بەردوومانی سێ ناوچەی جیاوازی لە باشووری لوبنان کرد، کە تیایدا کەتیبەکانی حیزبوللای کردە ئامانج.

لە بەردوومانەکەدا سێ بارهەڵگری حیزبوللای لوبنانی لە ناوچەکانی مەیس ئەلجەبەل و یارین وخام لە باشووری لوبنان کرانە ئامانج.

سوپای ئیسرائیل لەبارەی ئەو هێرشە هایگیاند: ئامانجەکەمان بەسەرکەوتوویی پێکاوە کە سێ بارهەڵگری چەک و تەقەمەنی بوون.

لە کاتێکدا تا ئێستا حیزبوللای لوبنانی هیچ لێدوانێکی لەوبارەیەوە نەداوە.